# مانیفێستی
# کشان

گروپی نەورەست

ئارام خالید
دەشتی جەنگی
شوکر سەعید

لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری شێوەکاری

هەواڵنامەی کتێب




٢٠٠٠- سالی دامەزراندنی گروپی نەورەست.
٢٠٠١- یەکەمین پیشانگای گروپ لە هەولێر.
٢٠٠٢- دووەمین پیشانگای گروپ لە سلێمانی.
٢٠٠٢- سێیەمین پیشانگای گروپ لە دهۆک.
٢٠٠٣- پیشانگای گروپ لە گۆرەپانی فیردەوس لە بەغدا.

# مانیفێستی کشان

هەواڵنامەی کتێب

## دروست بـــوون

مێژووی هونەر مێژووی دروست بوونی گروپ و کۆمەڵە هونەرییە جیاجیاکانە، بەتایبەتی ئەو گروپ و کـۆمـەڵـە هونەرییـانـەی کـە ئـامـانج و پەیامـێکی هـاوبەشی هونەری و ڕاسـتـەقـینەیان بۆ مـەبەسـتی دروستکردنی گروپ هەبووە، بەواتای ئەوەی ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاگوزاری و سەرپێییانە لە دەوری یەکتر کۆ نەبووبنەوە، ئەوا بێگومان بە جۆرێکی ڕاسـتـەوخـۆ و گـرینگ کـاریگـەربوونە بۆ گۆڕان و پێشکەوتنی بواری هونەری شێوەکاری و هێنانەکایەی تیـروانـینی نوێ بۆ شـێوەی نیشکردن و داڕشتنی کـاری هونەری بە فکر و فـەلسـەفـەیەکی دەربڕینخوازانە و کـەیـەنەر لە ڕووی بینین و تێگەیشتنەوە، نموونەی گـروپ و کۆمـەڵەی هونەری شێـوەکـاری زۆر زیندوو هەیە و بە چاوخشـانـدنێکی خێرا بەسـەر مێژووی هونەری شێوەکاری جیهان ئەو بەڵگەیە زیاتر ڕوون دەبێتەوە و دەسەلمێنرێت.

لێرە ئەو ڕاسـتـیـیـەی کـە هەمـوومـان دەیزانین و شتێکی بەدیهییە ئەوەیە کە مێژووی دروسـت بوونی گـروپی هونەری شێـوەکـاری لە کـوردسـتـان ئەوەندە دێرین نییە، وەک چۆن خودی هونەری شێوەکـاریش ژانرێکی هونەری تازەیە لە ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی، ئەو گروپانەی کە زۆرجار بەشێوەی ڕێکەوتیش پەیدابووینە بە ئاستێکی بەرز و جدی و ڕاسـتـەقـینە بۆ ناوەڕۆکی مەسـەلەکە قووڵ نەبوونەتەوە، تاوەکو هەموو حاڵەتە هونەری و ناهونەرییەکان لە یەکتر جیا بکەنەوە و پێش لەسـەر ئەوە بکەن کە بتوانن بینای هونەرێکی دەوڵەمـەند لە ڕووی فکری و هاوسـەردەمـیـانە پێکـبهێنن، بەڵکو ئەوان واتا زۆربەی هونەرمەندان و گروپە هونەرییەکانیش زیاتر لە لێواری مەسـەلەکە گـریان خواردووە و بەدەوری یەکتریدا دەسوڕێنەوە.

> ئەو ڕاسـتـیـیـەی کـە هەمــووومــان دەیـزانین و شتێکی بەدیهییە ئەوەیە کە مـێــژووی دروست بـوونی گـروپی هونەری شێوەکاری لە کـوردسـتـان ئـەوەندە دێـریـن نـیـــە، وەک چۆن خودی هونەری شێوەکاریش ژانرێکی هونەری تازەیە لە ناوچـەکـە بەشـێـوەیـەکی گشتی...

ئەگەر بە شێوەیەکی ڕوونتر قسە بکەین ئەوا دەبێ ئەوە بڵێین کە هونەرمەندان بە شێوەیەکی گشتی و ئەندامانی نێو گروپەکان بە شێوەیەکی تایبەتی لە ئاستی بەرپرسیاری نەبووینە بەرامبەر بە هونەر، کە بنچینەی پێشکەوتنی شارسـتـانـەتی هەموو کۆمەڵگایەکی گەشەسەندووە.

یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم نادروسـتـیـیـەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێکی زۆری ئەو گـروپانەی کـە دروست بووینە بە عـەقـڵـیـەتێکی هونەریـیـانە لەگـەڵ یەکـتـر کۆ نەبوونەتەوە بۆ ئەوەی پەیامێکی هاوبەشی هونەری کاریگەر بێننەکایەوە و گەمە هونەرییەکانیان لەسەر پەیڕەو بکەن، هەڵبەتە دەبێ ئەم گـەمـە هونەرییـەش پشت ئەسـتـووربێ بە فـەلـسـەفـەیەکی تەواوی وا کـە بتـوانن بەهۆیەوە جیاوازییەک لە ڕووی شێوازی نیشکردن و دەربڕین نیشان بدەن، لە هەمان کاتدا هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئـامـانجـە هـاوبەشانە بدەن کە پێشـتـر لەسـەری ڕێکەوتوون و دەتوانن لەو ڕێگایەوە ڕەوتی هونەری و ڕۆشنبیری شێوەکاری بەرز بکەنەوە و گۆڕانکاری و پەرەسـەندن بەسـەر فۆرم و ناوەڕۆک و تەکنیک و فکر و ......هتد دابهێنن.

بەڵام چونکە سروشتی پێکهێنانی گروپی شێوەکاری لە کـوردسـتـان بە ناڕاسـتـەیەکی دروست سـەری هەڵنەداوە و پەیدا نەبووە، بەڵکو زیاتر پەیوەندی برادەرایەتی و خـۆشـەویسـتی نێـشـتـیـمـان کـۆی کردوونەتەوە، یاخود لە ئەنجامی ترسان لە هەرەسهێنان و دواکەتن و وتبوون لەنێو کایەی هونەری بە هۆی بێ ئەزموونی و بێ سـەلـیـقـەیی لە نیشکردن هاتوون گروپیان دروست کردووە، هەردەم خـەریکی ئەوەش بووینە کە بەشان و باڵی یەکـتـریدا هەڵبدەن، کەواتە هۆکارەکانی پێکهێنانی گروپ لەلای ئێمە زیاتر

تاهونەرین لەوەی کە هونەری بن، بۆیە ئەوان بە هیچ شێوەیەک کاریگەر نەبوونە و کاریگەریش نابن لە نێوەندی هونەری و نەیانتوانیوە ئەوەندەی تۆزقاڵێک گۆڕان و پەرەسەندن لەسەر فکر و شێوازی تایبەتی خۆیان و بواری شێوەکاری بەگشتی ئەنجام بدەن. دەتوانین بڵێین کە تارادەیەکی زۆریش کاریگەرییەکی نێگەتیڤیان هەبووە لە چەواشەکردنی هەستی بینینی بینەر بەهۆی نیشاندانی بەرهەمی شێوەکاری کرچ و کاڵ و لاواز لە هەموو ڕوویەکەوە.

بە پێچەوانەی هەموو ئەوشتانەی کە باسمان کرد، ئێمە وەکو (گروپی ئەوڕەست). ئەبەهۆی پەیوەندی هاوڕێیەتی و ئەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتیمان، ئەلە ئەنجامی هەبوونی بۆشاییەکی گەورەی هونەری و باروودۆخێکی تایبەتی دروست بووین. بەڵکو هۆکاری سەرەکی سەرەتای پەیدابوونی بیرۆکەی دروستکردنی گروپی ئەوڕەست لەوێوە سەری هەڵدا کە هەستمان بە گرینگی و کاریگەری پۆزەتیڤی کاری هاوبەشی هونەری شێوەکاری و گروپ دروستکردن کرد. بەتایبەتی لەم باروودۆخ و قۆناغەی ئێستادا. بەمەرجێک پێش وەختە پەیامێکی هاوبەش و یەکگرتووی ڕوون هەبێ، بەڵام دەکرێ بە شێواز و تێڕوانین و تەکنیک و فکرەی جیاجیا ئەم پرۆژە و پەیامە هاوبەشییە داڕێژراوە ئەنجام بدرێ و ئیشی پێویستی بۆ بکەین. لەلایەکی تر ئەو باوەڕەمان لەلا دروست بوو کە ئەگەر بێت و بتوانین لە گروپێکدا پرۆژە بۆ کار و چالاکییە هونەرییەکانمان دابنێین و گفتوگۆیەکی جدی لە نێوان خۆماندا بێنینە کایەوە. ئەوا بێگومان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی سوودبەخش لەسەر بەرەوپێش چوونی کارە هونەرییەکانمان ڕەنگ ئەداتەوە. بەهەمان شێوە هەستکردنمان بە ڕۆڵی گرینگی گروپ لە مێژووی هونەردا زیاتر هانمانیدا کە گروپێکی شێوەکاری فرە شێواز و تەکنیک و فکر پێکبهێنین. واتا خۆمان بەو باوەڕەوە نەبەستەوە کە هەمووماندا بەیەک شێواز کاری هونەری بەرهەم بێنین. چونکە ئێمە پێمان وایە لەوکاتەدا گروپ کاریگەری بە ناڕاستەیەکی نێگەتیف بەسەر ئەندامانی دەشکێتەوە. بە پێچەوانەوە هەر یەک لە ئێمە ئازادە لەوەی کە چۆن کاری هونەری بەرهەم دێنێ، بەمەرجێک لە ئاستێکی باشدا ئیشی تێدا کردبێ و بە شێوەیەکی هاوسەردەمیانە ئەنجام درابێ. لەم سۆنگەیەوە ئێمە دەمانەوێ درێژە بە ئەزموون و هەوڵدانە بەردەوامەکانمان بدەین و تێکەڵ بەو خەیاڵە هاوبەشانەی یەکتر ببن کە دواجار دەمان گەیەنێتە ئەو ڕادەیەی کە شێوە گونجاندنێک لە نێوان خۆماندا دروست بکەین.

بەهەرحاڵ ئێمە بۆیە لە گروپێدا کۆبووینەوە و بەیەکەوە کار و چالاکی ئەنجام دەدەین چونکە لەو باوەڕەداین کە گروپ پرۆسێسێکە بۆ دروستکردنی ئەزموونێکی دەگمەن و سەرکەوتوو، هەنگاوێکە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێ فکر و ستایلی هونەری جیاجیا لە پەیامێکی پڕ بایەخی هونەری هاوبەشدا. هەوڵدانێکی جدی و ڕاستەقینەی بەهادارە بۆ پێشخستنی ڕەوتی هونەری و ڕۆشنبیری شێوەکاری، هێنانەکایەی گوتارێکی هونەری هاوبەشە، قسەکردنە لەسەر ئەو حاڵەتە نێگەتیڤانەی کە دەورێکی هێجگار خراپ دەبینن لە بڵاو بوونەوەی هونەری شێوەکاری بە سیما و خەسڵەتێکی بێ بەها، هەنگاوێکە بۆ دروستکردنی مێژووی هونەری.

ئێمە لەم پرۆژەی ئێستا کە ماوەیەکی زۆرە پێوەی سەرقاڵین ، هەوڵمان داوە بتوانین لە ڕێگای ئیشە هونەرییەکان و ئەو مانیفێستەی کە بڵاوی دەکەینەوە، بیروڕاکانی خۆمان لەسەر زۆربەی ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە هونەرەوە هەیە ئینجا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیێت دەربڕین بەبێ ئەوەی

> **ئێمە پێمان وایە لەوکاتەدا گروپ کاریگەری بە ناڕاستەیەکی نێگەتیف بەسەر ئەندامانی دەشکێتەوە، بە پێچەوانەوە هەر یەک لە ئێمە ئازادە لەوەی کە چۆن کاری هونەری بەرهەم دێنێ، بەمەرجێک لە ئاستێکی باشدا ئیشی تێدا کردبێ و بە شێوەیەکی هاوسەردەمیانە ئەنجام درابێ...**

زیادەڕۆیی تێدا بکەین، هەرچەندە ئێمە لە ڕێگای ئەم مانیفێستەوە ئامانەوێ کە هەستی بینین وەرگێڕینە سەر هەستی بیستن، واتا چارێک بە وشە و نووسین بۆ بینەران دروست بکەین، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە کە لەم گۆشەنیگایەوە بە شێوەیەکی ڕادیکالیانە نیشانی بدەین و قسە لەسەر ئەوشتانە بکەین کە بەربەستن لەبەردەم هەموو گۆڕان و پەرەسەندنێکی (هونەری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، شارستانی....هتد).

چونکە بە بۆچوونی ئێمە هونەری شێوەکاری تەنها بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردنی ژوورەکان نییە، لە هەمان کاتدا بەو مانایە نایەت کە دیمەنی ناسروشتی بە شێوەیەکی سروشتی نیشان بدرێ و هونەرمەندیش تەنها خەریکی ڕەنگ گرتنەوە و ڕەسمکردنی دار و بەردی وشک و بابەتی بێ پەیام و ئامانج بێت، بەڵکو هونەر بە هەموو کایەکانییەوە دەبێ بەشداری لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی مەدەنی هاوچەرخ بکات و ڕەوتی شارستانی زیاتر بەرەوپێش ببات.

## پچڕان

پچڕان پرۆسەیەکی بە ئامانج و ماناداری ئێمەیە و لەسەر ئەو ڕاستییانەوە هاتووین ئەم بڕیاردانەمان پاسکردووە و شرۆڤەی دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانیمان کردووە و لە پاشاندا لێی پچڕاوین کە بەربەستێکی تۆکمە و ڕیشەداکوتراوی ئێرکایە جیاجیاکانی ژیانی ئێمەیە، واتا ئەو شتانەی کە ڕەخنەیان لێ دەگرین و لێیان دەپچڕێین بەربەستێکی هەمیشەیین لەبەردەم هەموو داهێنانێکی تاکی ئەم نیشتیمانە ئابلۆقەدراوە بە کلتور و بیر و باوەڕە ئامۆ و ئاراستەکان کە هەرگیز لەگەڵ باروودۆخی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و مێژوویی ناوچەکە و تاکەکانی نێو ئەم کۆمەڵگایە بە شێوەیەکی دروست ئاوێتە نەبووە، بەڵکو هەمووی لە ئەنجامی زەبر و زەنگ و داگیرکارییە یەک لەدوای یەکەکانەوە سەپێنراوە بەسەر نیشتیمانە ناسەقامگیرەکەمان، ئەگەرچی ئەم ڕژێم و داگیرکارانە بەهۆی سیاسەتی دیماگۆجییەت و خەڵک فریودان بەبەڵێنی ئەفسانەیی لە دواڕۆژدا و چاندنی تۆوی ترس و شەرم لە دەروونی ئەندامانی کۆمەڵگاکەمان بەشێکی زۆری ئامانجە نەتەوەیی و سیاسییەکانی خۆیان بەدەستهێناوە، ئەمەش بەهۆی هەژموونیان بەسەر عەقڵی تاکەکان و چۆنیەتی گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەیان و کۆنترۆڵکردنی هیوا و ئامانجەکانیان.

ئاشکرایە ئێمە ئەمڕۆ لە ڕەوتی شارستانییەت و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەدەنی و تەکنەلۆژییەکانەوە زۆر دواکەوتووین، لە باروودۆخێکی نالەباری درامی تراژیدی واشدا هونەر هەرگیز وەک کایەیەکی زیندوو و ئاکتیڤ کاریگەر نەبووە لەسەر گۆڕینی هیچ دواکەوتن و بیرکردنەوە و تێڕوانینێکی نادروست، هونەرمەندانیش وەکو هەر کەسانێکی تر پەیوەستن بەو عەقڵییەتە دۆگما و دروستکراوەی کە ڕژێم و پیاوانی ئاینی و سیاسی لە ناخی هەریەکێک لە ئێمەدا چەسپاندوویانە، بۆیە ئێمە ئەمڕۆ وەکو ئەندامانی گروپی ئەورەست بڕیاری پچڕان دەدەین و دوور دەکەوینەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە پێچەوانەی لۆژیک و زانستە مرۆڤایەتییەکانە، واتا سەراپای ئەو وەهم و ئەفسانانەی کە بەدرێژایی ژیانمان خوێندوومانە و پێیان دەرخ کردووین، لە هەمان کاتدا هەموو ئەو یاسا و ڕێسا داتاشراو و دروستکراوانەی کە بوونەتە هۆی سەرکوتکردن و لە ناوبردنی جیاوازییەکانی ژیانی مرۆڤەکان

ئێمە ئەمڕۆ وەکو ئەندامانی گروپی ئەورەست بڕیاری پچڕان دەدەین و دوور دەکەوینەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە پێچەوانەی لۆژیک و زانستە مرۆڤایەتییەکانە، واتا سەراپای ئەو وەهم و ئەفسانانەی کە بەدرێژایی ژیانمان خوێندوومانە و پێیان دەرخ کردووین،

لەم ناوچەیە و سڕینەوەی هیوا و خەونەکانیان.

بێگومان ئێمە لەم مانیفێستەدا نامانەوێ بە هۆی ئەو بڕیار و بیرکردنەوە تایبەتییانەی کە بڵاوی دەکەینەوە ببین بە درێژە پێدەری هیچ پەیامێکی ئاسمانی و زەمینی، بە هەمان شێوە داکۆکی لە هیچ بنەمایەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی ناکەین، بەڵکو هەموو ئەو شتانەی کە دەیڵێین تێڕوانین و بیرکردنەوەی خۆمانە و لە ئەنجامی گەیشتنمانە بە ڕاستی شتەکان بۆیە لێیان دەپچڕێین...!

**- پچڕانی هونەرمەند لە ڕابردووی کۆمەڵگا و داب و نەریتە سواوەکان:**

پێکهاتەی سروشتی کۆمەڵگای کوردی لەژێر سایەی سیستەمێکی خێڵەکی بەڕێوە چووە و تا ئێستاش ئەم سیستەم و نەریتە باوە و بەردەوامی هەیە، بۆیە لە نێو کۆمەڵگایەکی وادا کە تاکە کەسێکی خاوەن پەرجوو و کاریزمی سەرکردایەتی دەکات و هەر ئەو چاکە و خراپە، جوانی و ناشرینی، ڕاستی و ناڕاستی، لە یەکتر جیا دەکاتەوە، ئەوا لەم شوێنەدا ژیانی مرۆڤەکان بە شێوەیەکی ئازاد و بێ بەربەست شتێکە مایەی قبوڵکردن نییە و دژی یاساکانی ئەم ناوچەیەیە.

هونەرمەندانی کوردیش نەیانتوانیوە ئەم سنوورە ببەزێنن و هونەرەکەیان بکەنە ئەلتەرناتیڤێکی کاریگەر بۆ ئەم بارودۆخە ناشارستانییانە بەگشتی و خۆیان و دەوروبەرەکەیان لەم زەڵکاوی نەزانییە کوشندەیە ڕزگاربکەن، تاوەکو لە ڕێگای هونەرەکەیانەوە خەڵکی هۆشیاربکەنەوە و بەئاگایان بێننەوە لەو وەهم و خەیاڵە ناپەسندانەی کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ داهێنانەکانی سەردەمدا ناگونجێن، بەپێچەوانەوە زۆربەی هونەرمەندانی کورد نیش لەسەر ئەم ڕابردووە دەکەن و هەوڵی زیندووکردنەوەی دەدەن تاکو لەبیر نەکرێ و هەردەم لە خەیاڵی تاکەکاندا بخولێتەوە، ڕابردووی کۆمەڵگای کوردیش ڕابردوویەکی ئەفسانەیی و دروستکراوە، تاکو ئێستاش نەتوانراوە کە هەموو ئەو گرفت و کێشانەی کە لەئەنجامی مانەوەمان لەسەر هەمان نۆرمی ڕابردووەوە وەک گرتووەکان و سرووتە ئەفسانەییەکانەوە بۆ دروست دەبێ وازی لێ بهێنرێ و هەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەتووی خاوەن شارستانییەت بدرێ کە هاوشانی ئەو شوێن و کاتە بێ، بە پێچەوانەوە تۆخکردنەوەی ڕۆحی مانەوە لەسەر هەمان ڕابردوو و نۆرمەکانی ناوچەکە سیاسەتی زۆربەی ئەو کەسانەیە کە لە نێو کۆمەڵگادا ناسراون و خاوەنی هێزی چاکە و خراپەن.

ئەم نۆرم و ترادسیۆنە باڵایانەی کە پیادەکردنی بە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی پێناسە دەکرێ بۆتە هۆی ئەوەی کە جیاوازی لە بیرکردنەوە و خەونبینین لەلای مرۆڤ بکوژێ و هەموومان لەسەر یەک بیروباوەڕ و ئامانج کۆبکاتەوە و ئاڕاستەمان بکات بۆ بەرژەوەندییە کەسییەکان، تەنانەت هونەرەکانیش بۆ هەمان مەبەست هەوڵدەدەن و جیاوازی لە بیرکردنەوە و تێڕوانین دەکوژن و هەر دەمە و مۆدێلێکی باو دێننە کایەوە و پروپاگەندەی ناشایستەی بۆ دەکەن لە ئەنجامدا تاکە مۆدێلێکی هونەری بڵاو دەبێتەوە و خەڵک هەمووی حەز بەو شێوازە دەکەن و پێی خۆشحاڵن. لێرەدا چێژ بینین بە شێوەیەکی سروشتی دروست نابێ و ناتوانێ هەستێکی جیا لەگەڵ خەڵکیمان هەبێ بەگشتی، بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین کە ئەم دیاردە و بارودۆخانە کاریگەرییەکی وامان لەسەر دروست دەکەن کە لە ئەنجامدا بوونی خۆمان لێ دەسەنێتەوە و دواڕۆژمان دەداتە دەست قەدەرێکی نادیار، توانای پرسیارکردن و نارەزایی دەربڕین دەبێتە حاڵەتێکی نێگەتیڤ سەبارەت بە دواڕۆژ و کەسایەتیمان لە نێو کۆمەڵگا، بۆیە تاکە سەرچاوەی

> **هونەرمەندانی کوردیش نەیانتوانیوە ئەم سنوورە ببەزێنن و هونەرەکەیان بکەنە ئەلتەرناتیڤێکی کاریگەر بۆ ئەم بارودۆخە ناشارستانییانە بەگشتی و خۆیان و دەوروبەرەکەیان لەم زەڵکاوی نەزانییە کوشندەیە ڕزگاربکەن...**

مرۆڤەکان بۆ بڕیاردان و چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەڵس و کەوتکردن و چێژ وەرگرتن ڕاستەوخۆ لە نێو نۆرم و سرووت و بەندی پێشینان و دەسەڵاتی ئاینی و کۆمەڵایەتی و مۆدێلی باوەوە هەڵدەقوڵێت، بە هیچ شێوەیەکیش ئاین بیرکردنەوە و بڕیاردان و هیوایەکی تری مرۆڤ لە ناوچەیەکی جیاواز لەم سەرچاوانە هەڵیقوڵێت.

ئینجا لێرەوە ئەرکی سەرەکی هونەرمەندانی کورد ئەوە دەبێ کە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵییانە ڕەخنەبگرن و سەرجەم بیر و باوەڕ و ترادسیۆن و نۆرمەکان هەڵبوەشێننەوە و لەبەرامبەردا هونەرەکەیان بەکاربهێنن بۆ دروستکردنی سیستەمێکی هاوچەرخی کۆمەڵایەتییانە. هەڵبەت هەر کۆمەڵگایەک سرووت و نۆرم و بیر و باوەڕی تایبەتی خۆیان هەیە کە شێوە پیرۆزییەکیان وەرگرتووە و شانازی پێوەدەکرێ، چونکە شتێکی کۆنە و لە باوک و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە، لەلای زۆربەی مرۆڤەکانیش هەموو شتێکی کۆن مایەی پەرستن و ڕێزلێنانییەتی. کۆمەڵگای کوردیش وەک هەرکۆمەڵگایەک کۆمەڵێ داب و نەریت و سرووتی کۆمەڵایەتی و ئاینی هەیە، جگە لەو هەموو داب و نەریتە زۆرەی کە لەلایەن ئاینە جیاجیاکانەوە بەسەریدا سەپاوە، ئینجا ئێمە لێرەوە بە پێویستی دەزانین کە بڕیاری بچڕان بدەین لەو ڕابردوو و داب و نەریتە نەزۆک و چەق بەستوانەی کە سەراپای کۆمەڵگای ئێمەی داپۆشیوە و بۆتە میراتێکی ژەهراوی بۆ تاکی کورد لە سەردەمی بەجیهانی بوون و کرانەوەی کۆمەڵگاکانی دنیا بەهۆی شۆڕشە خێراکانی تەکنەلۆژی و زانستی، لە هەمان کاتدا ئێمە داوای سەر لە نوێ پێداچوونەوە و خوێندنەوەی ئەم داب و نەریت و ڕابردووە پەرش و بڵاوانە دەکەین، لە هەمان کاتدا دەمانەوێ کە هونەرەکەمان بپچڕێنین لە هەموو ئەو هەستانەی کە بۆتە مۆدێلی باو و بانگەشە بۆ مانەوە لەسەر هەمان داب ونەریتە سواوەکان دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەی چیتر مرۆڤی ئەم نیشتیمانە بە هۆی عەقڵیەتە دۆگماکانەوە نەچەوسێنەوە و لەناونەبردرێن، لە لایەکی تریش تاوەکو هونەر چیتر نەبێتە ئامرازی گوزارشتکردن لە بیر و باوەڕی دۆگمای بێ ئەنجامی پیاو ماقوڵان.

**- پچڕاندنی هونەر لە ئاین:**

ئاین وەک ئەو بیروباوەڕە پیرۆزکراوە باوانەی کە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە بە شێوە و شێوازی جیاجیا لە ناوچە و سەردەمی جیاوازدا هاتۆتەکایەوە، هەرچەندە لە ئامانج و مەبەستییاندا هێندە جیاوازییان نییە کە دەیانەوێ مرۆڤەکان گوێڕایەڵ بن و لە ژێر فەرمان و بڕیارە پیرۆزەکان دەرنەچن و سەرپێچی لە یاساکان نەکەن، واتا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ئاشکرا هەوڵی بە کۆیلەکردنی مرۆڤ دەدەن و دەیانەوێ کۆت و بەندی بکەن لە بیرکردنەوە و ئیرادە و پرسیارکردن.

هەربۆیە لێرەدا ئێمە هونەرەکەمان دەپچڕێنین لە ئاینەکان بە هەموو ڕەهەندەکانیانەوە و خۆمان بە دوور دەخەینەوە لەو شتە پیرۆزانەی کە لەڕاستیدا پیرۆزنین و خراونەتە بۆتەی سرووتێکی مردوو و دۆگماوە، ئاشمانەوێ ڕێنمایی و کاریگەری و ئیحای نێو ئەشکەوتە تاریک و ئەتوورکەکانمان پێ بگات و لە ژێر سایەی گێڕانەوە فەنتازییەکانەوە بیر بکەینەوە و هونەر و ڕۆشنبیری بەرهەم بێنین، لە ئاین دەپچڕێین چونکە جێگای فرە ڕەنگی و جیاوازی تێدا نابێتەوە، بەڵکو هەمووسان لە نێو ئایندا دەبێ وەکو یەک بیبینن و بیستن و خەون ببینن، کە ئەمەش مرۆڤ دەکاتە کوتلەیەکی بەتاڵ و بێ ناوەڕۆکی فکری وا

ئەرکی سەرەکی هونەرمەندانی کورد ئەوە دەبێ کە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵییانە ڕەخنەبگرن و سەرجەم بیر و باوەڕ و ترادسیۆن و نۆرمەکان هەڵبوەشێننەوە و لەبەرامبەردا هونەرەکەیان بەکاربهێنن بۆ دروستکردنی سیستەمێکی هاوچەرخی کۆمەڵایەتییانە...

که بیبته کۆیلەی فەرمانە ئاینییەکان.

لێرەدا ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە بۆ ئەوەی لە مێگەل دابڕێین و مانای ڕاستەقینەی مرۆڤ بوون لە ژیانێکی ئازاد و بێ گرێدا بە دەست بێنین، دەپچڕێین لە هەموو بیرکردنەوەیەکی ئاینییانە، هیچ کاتێکیش بە پێویستی نازانین کە بابەتە ئاینییەکان لەنێو هونەرکەماندا بەمەبەستی پیرۆزی بەکاربهێنین مەگەر تەنها بۆ مەبەستی دروستکردن و بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجە ڕەخنەییە ڕادیکالییانە نەبێ کە گوزارشتێکی هونەرییانەی نوێ بە کارەکانمان دەبەخشن و لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بیر و باوەڕە ئاینییەکان شیبکەینەوە و بیخەینە ژێر پرسیار و توێژینەوە، بەواتای ئەوەی کە بابەتە ئاینییەکان بۆ مەبەستی هەڵوەشاندنەوە و دروستکردنی گومان لێیان بەکاردەهێنین و دەیانخەینە ژێر تیشکی تێڕوانینە هونەرییەکانمان.

**. پچڕاندنی شێوە و ناوەڕۆکی هونەری لە سیاسەت و ئایدلۆژییەتە چەقبەستووەکان:**

ئێمە شێوە و ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکانمان دەپچڕێین لە هەموو ئەو پارت و سیاسییانەی کە بەردەوام بەناوی جەماوەر و گەل و نیشتیمان قسەدەکەن و لە دەرەوەی ئیرادە و ئامانج و هیواکانی مرۆڤی کورد بڕیاردەدەن، ئەوان ژیانی کۆمەڵگای ئێمەیان بە هۆی پیادەکردنی سیاسەتی دیماگۆجییەت و ئاژاوەنی لە هەڵس و کەوتیاندا هەراسان کردووە و چاوبەستێکی بەردەوامیان کردۆتە پیشەی هەمیشەییان، هەر چەندە ئیمڕۆ لەلای ئێمە خەڵکانێکی زۆر هەوڵی ئاوێتەکردنی هونەر و بڕیارە سیاسییەکان دەدەن و دەیانەوێ پردێکی وەهمی لە نێوان سیاسەتی پارتە نەتەوەیازەکان و بەرهەمە ناهونەرییەکانیان دروست بکەن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و سوود گەیاندن بە سیاسییەکان ئەمەش بەهۆی گوزارشتکردنیان لە ئایدلۆژییەتی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە هونەرمەندان لەناویاندا کار دەکەن و شێوەو ناوەڕۆکی بەرهەمە هونەرییەکانیشیان دەکەنە ئامرازێک بۆ سوود گەیاندن و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی حیزب و زاڵکردنی بەسەر ڕای گشتی خەڵک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەم کەسانە نەیانتوانیوە بە پێی پێویست خزمەت بەو دەسەڵاتدارانە بکەن کە پاڵپشتییان دەکەن و پڕۆژە ناهونەرییەکانیان دەخەنە بەردەست. گەر سیاسی و پارتە جیاجیاکان لە وڵاتانی دەرەوەی ئێمە بە مەبەستی گونجاندنی بەرژەوەندییە ناکۆکەکان بێت لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگاکەیان، ئەوا لەلای ئێمە بە پێچەوانەوەیە و بەمەبەستی دروستکردنی ناکۆکییە لە نێو ئامانج و هیوا هاوبەش و ئەرکانی تاکەکاندا، لە هەمان کاتدا خەڵکییان بایکۆت کردووە لە هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکی هاوبەش و گرینگدا، بۆیە ئێمە لێیان دەپچڕێین و نامانەوێ بکەوینە ژێر هەیمەنەی سیاسەتە ناسروشتییەکانیان و نامانەوێ بەهیچ شێوەیێک شێوەو ناوەڕۆکی کارەکانمان ڕەنگدانەوەی ئەم بیروباوەڕ و ئایدلۆژییەتانە بێت و خزمەت بەهەستی حیزب پەرستی بکەین، چونکە هونەر و سیاسەت هەمیشە دوو پێکهاتە و ئاڕاستەی جیاواز بوونە و هەرگیز ناپێتەی یەکتریش نابن. ئەوان تائێستا بە جدی هەوڵیان بۆ بوژاندنەوەی ژێرخان و سەرخانی ئەم نیشتیمانە پەرش و بڵاوە نەداوە و گرینگیان بە دروستکردنی شارستانییەت و بەرزکردنەوەی بەهای مرۆڤ نەداوە، ئەوان تەنها دەیانەوێ خۆیان بە هۆی هونەرکانەوە بەرز بکەنەوە، لەم پێناوەشدا سامانێکی هێجگار زۆر بەفیڕۆ دەدەن لەو هونەرمەندانەی کە تەنها بەرهەمی هونەری بەرهەم ناهێنن، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی کە هونەرمەندە ژێر دەستەکانیان بە شان و باڵیاندا هەڵبڵێن و چەپڵەیان بۆ لێ بدەن، ئەوان

ناشمانەوێ ڕێنمایی و کاریگەری و ئیحای نێو ئەشکەوتە تاریک و نتووکەکانمان پێ بگات و لە ژێر سایەی گێرانەوە فەنتازییەکانەوە بیر بکەینەوە و هونەر و ڕۆشنبیری بەرهەم بێنین

هیچ هەست بە لێپرسراوی خۆیان ناکەن و نازانن کە ئەرک و فەرمانەکانیان چییە بەرامبەر بە نیشتیمان و دەوروبەرەکەیان، ئایا ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ بە سیاسی و لێپرسراوی وڵات دەژمێردرێن هیچ پرۆژە و بەرنامـەیەکـیـان لە فـەرهەنگدا هەیە بۆ دروسـتکردنی ژیانێکی ئاسـوودە و دروست بۆ تاکی ئازاد و سەربەخۆی کورد؟

**- پچڕان لە کەلەپور و فۆلکلۆر:**

هەرنەتەوەیەک لەسەر ڕووی ئەم زەمینە بێ، خـاوەن کـەلەپور و فـۆلکلۆری تایبەت بەخۆیەتی و بەشێکی زۆری سـامـانی شـارسـتـانی و نەتەوەیی پێک دەهێنن، چونکە گـوزارشت لە سـەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویی ئەم میللەتە دەکات.

لێرەدا پچڕانی ئێمە لەو کەلەپور و فۆلکلۆرەی کە کورد هەیەتی، لەو باوەڕەوەیە کە ئەمانە تەنها دەبێ بە چاوێکی مێژوویی تەماشابکرێن کە مرۆڤەکانی بەر لە ئێمە بەمەبەستی پێداویستییەکانی ژیانیان بەرهەمیان هێناوە، هەروەها پێمان وایە کە دەبێ خوێندنەوەیەکی ئارکیۆلۆژییان بۆ بکرێت و بخرێنە نێو مۆزەخانە تایبەتییەکان و بپارێزرێن لە فەوتان و لە ناوچوون، نەک وەکو بەرهەمی هونەری شێوەکاری سەیربکرێن و بە شێواز و ڕێچکەی هونەری ناویان ببەین، چونکە بە هیچ بیانوویەک ناتوانین یان شیاو نییە کە پاشماوە فۆلکلۆرییەکان بە پرۆژەیەکی هونەری بژمێرین. بە چ پێوەرێک هونەرمەند کە مێژووی هونەری خوێندبێ و قوتابخانە و ڕێچکە هونەرییەکان بناسێ، کەچی بێ لاسایی کەسانێکی دەست ڕەنگین و نەخوێندەوار و خۆڕسک بکاتەوە و ڕەسمی (بەڕ، جاجم، جەمەدانی، کڵاو و....هتد) بکاتە بابەتی کارە هونەرییەکانی، خۆشی لە نێو هونەری شێوەکاریدا بە هونەرمەندی نوێخواز لەقەڵەم بدا و وا نیشانی بدات کە لە خزمەتی دروستکردنی هونەری نەتەوەیی دایە، کەچی ئێستا ئاشکرایە کە باری هونەری نەتەوایەتی نەماوە و هونەر پرۆسەیەکی جیهانی بەرفراوانە و تایبەتە بە دنیای هونەرمەند خۆی، ئینجا ئەو لەهەر شوێن و کات و سەردەمێکدا بێ، لێرەوە ئێمە کارکردن لەنێو فۆلکلۆردا بەچێ دەهێڵین بۆ ئەو فـۆلکلۆریسـتـانەی کەوا خەریکی دروسـتکردنەوەی نەخش و نیگارە ڕەنگاوڕەنگەکانن بەناوی هونەری نوێ و نەتەوەیی، لە هەمـان کـاتدا ئەم بیـرکـردنەوەیە بە هەڵە دادەنێین کـە پێی وایە بۆ بەدیارکەوتنی هونەری ناوچەیەک دەبێ پەنا ببردرێتە بەر پاشماوە کۆنەکان و ڕەسمکردنی دار و بەرد و شاخی ئەم وڵاتە، خۆ ئەگەر بەم پێوەرە بێ دەبوایە هونەرمەندانی وەک (مـیکێل ئانجـیلۆ، رامـبراند، ڕۆبنس، ڤان کوخ، کاندنسکی، پیکاسۆ) هەر خەریکی دروستکردنی کەل و پەلەکانی وڵاتەکەیان بوونایە و دوورکەوتبانەوە لەو بەرهەمە داهێنراوانەی کە ئەمڕۆ هەموو مرۆڤایەتی شانازییان پێوە دەکەن بەبێ هەسـتکردن بەوەهمی هونەری نەتەوایەتی و فـۆلکلۆری. کـەواتە لێـرەدا ئەم بانگەشـەیە کـە بۆ هونەری نەتەوەیی دەکرێ خـەیاڵێکی پووچ و بێ ناوەڕۆکـە و لە بەرژەوەندی داهێنانی هونەریدا نییـە بەڵکو دژیەتی و ڕۆحی داهێنانی هونەرمەند دەکوژێ و دەیخاتە نێو چوارچێوەیەکی ژەنگرتوو.

ئەوەی لە جیـهـاندا ئەمڕۆ باسی ناکرێ و کەس بە هەندی وەرناگرێ ئەو باوەڕەیە کە لەلای زۆربەی هونەرمـەندانی کـورد باوە ئەویش زیندوو کـردنەوەی فـۆلکلۆر و دروسـتکردنی ڕەسـمی ڕەنگاو ڕەنگی میللییانەیە کە هیچ بەهایەکی هونەری لە خۆ ناگرێ و ناتوانێ خزمەت بە بواری هونەری بکات، ئەوەی لە جیـهـاندا گـرنگی پێ دەدرێ هونەری فـۆلکلۆری نیـیـە وەک وتمان، بەڵکو داهێنانی ئەو تاکە کەسـە داهێنەرەیە کە بەرهەمی نوێ دەخاتە نێو گۆڕەپانی هونەری و بەهۆیەوە فکر و تێڕوانینی نوێ دەخولقێنێت.

**بە چ پـێـــــوەرێک هونەرمـەند کـە مـێـژووی هونەری خــوێـنـدبێ و قــوتابخـانە و ڕێچکە هونەرییەکان بناسێ، کەچی بێ لاسایی کەسانێکی دەست ڕەنگین و نەخــوێندەوار و خـۆڕسک بکاتەوە و ڕەسـمی (بەڕ، جاجم، جـەمەدانی، کڵاو و....هتد) بکاتـە بابەتی کارە هونەرییەکانی**

## نوێ بوونەوەی هونەر

ئەمڕۆ ڕەوتی هونەری لە پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکی بەردەوام و خێرادایە، بەشێوەیەکی وا کە مێژووی هونەر پێشتر ئەو هەموو پەرەسەندنەی بەو بەرفراوانییەی ئێستا بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەمەش هەردەوای واڵابوونی دەرگاکانی کاری هونەری ئازاد و هاتنەکایەی سەربەستی دەربڕین و دروست بوونی شێوازی تایبەتی، واتا نەمانی ڕێباز و قوتابخانە هونەرییەکان کە هونەرمەندان دەبوایە بەهەمان ئاراستە کاری هونەری بەرهەم بێنن، بەڵام ئێستا ئەم باوەڕە باری نەماوە و هونەر لە شێوازەکانی ڕابردوو پچڕێندراوە، بەمەش بواری بیرکردنەوە و تێڕامان بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ لە ئەندێشە تازەکانی هونەرمەندندا بوژاوەتەوە، کەواتە ئێستا هونەرمەند لە توانایدا هەیە کە سەرقاڵی ئەزموونی تایبەتی خۆی بێت و هەوڵی دروستکردنی تایبەتمەندی بدات لە نێو کارە هونەرییەکانیدا، کە تیایدا دەتوانێ فکر و دارشتن و هەموو ڕەگەزەکانی تری کاری هونەری نوێ بکاتەوە، بەو شێوەیەی کە خۆی باوەڕی پێیەتی و دەزانێ کە چۆن بەم ئەرکە هەڵدەستێ، هەربۆیە ئێمەش لەسەر ئەو باوەڕەی کە هونەر چیتر هەڵگری ڕێسا و یاسای دیاریکراو نییە هاتووین کاری هونەری بێنینە بەرهەم و هەوڵمان داوە و هەوڵیش دەدەین کە نوێکاری لە هەموو ڕەگەزەکانی پێکهێنانی کاری هونەری بکەین و بە بینین و تێڕوانینێکی تایبەتی کاری هونەری بەرهەم بێنین، لێرە ئێمە نوێ بوونەوە بەمەرجێکی هەرەگرینگ دادەنێین بۆ هاتنەکایەی هونەرێکی هاوسەردەمییانە و دروستکردنی کەش و هەوایەکی نوێ.

## نوێ بوونەوەی شێوە:

شێوە واتا ئەو ڕەگەزە بینراو و بزوێنەرەی کە لەسەر ڕووبەری کاری هونەریدا بە شێوەیەکی ڕوون هەستییان پێ دەکەین و دەتوانین بە ئاسانی درک بە ڕاستی و دروستی پێکهاتەکانی بکەین و چێژی لێ وەربگرین، کەواتە دەتوانین بڵێین فۆرم یەکێکە لەو ڕەگەزە هەرەگرینگانەی کە کاری هونەری بە هۆیەوە بە شێوەیەکی بەرز خۆی نیشان دەدات، چونکە سەرەتای تێکەڵاوبوونی بینەرە بەکارە هونەرییەکە، لە وێوە هەنگاو بەرەو فکر و دارشتن و ڕەنگ و ڕەگەزەکانی تری کاری هونەری داوێ، واتە شێوە دەرگای ڕۆشنکردنەوەی بەرهەمی بینداروە، لێرەوە فۆرم خۆی لەخۆیدا ئەو گرینگییەی خۆیمان بۆ بەیان دەکات کە ناتوانرێ هیچ کارێکی هونەری دروست بەبێ شێوەیەکی گونجاو نیشاندانێکی سەرکەوتووی لێ بەدی بێت و بە ئاسایی وەربگیرێ، ئینجا ئەم کارە هونەرییە (ئەبستراکت) یان (فیگۆرەتیڤ) یان هەر شێوازێکی تری هونەری بێت. ئەم باوەڕە زیاتر ڕوون دەبێتەوە ئەگەر سەیرێکی بەرهەمی هونەرمەندانی ئەم شێوازە جیاوازانە بکەین و بە هەڵدی وردبوونەوە بەم حەقیقەتە دەگەین کە هیچ کامیان بەبێ شێوە کاری هونەرییان بە ئەنجام نەگەیاندووە.

هەڵبەتە ئێمە کە باس لە نوێ بوونەوەی شێوە دەکەین مەبەستمان هەموو ئەو ڕەگەزانەیە کە شێوەیەکی گونجاو یان فۆرمێکی ناوازەیان لێ پێک دێت، وەک (دارشتن، هێڵ، پانتایی، ڕەنگ، بارستایی، کەرستە، قەوارە،... هتد.

فــۆرم یـەکـێـکـە لـەو ڕەگـەزە هەرەگرینگانەی کـە کـاری هونەری بە هۆیەوە بە شێوەیەکی بەرز خۆی نیشان دەدات، چونکە سـەرەتای تێکەڵاوبوونی بینەرە بەکارە هونـەرییـەکـە، لـە وێوە هەنگاو بەرەو فکر و دارشتن و ڕەنگ و ڕەگـەزەکـانی تری کـــاری هـونـەری داوێ

## نوێ بوونەوەی فکر:

فکر وەک ئەو ئەندێشە دارێژراوەی کە لە هزری هونەرمەندەکەوە هەڵدەقوڵێت و لە نێو کاری هونەریدا

دەبێتە پرۆژەیەکی کۆنکرێت و بەرەو ڕاستییەکی تۆوڵ هەنگاو دەنێ، بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە سەرچاوەیەکی دەگمەن بۆ گوزارشت بەخشین و دۆزینەوەی مانا ڕاستەقینەکانی ئیستێتیکا لە نێو بەرهەمی دروستکراودا. لێرەوە فکر وەک یەکێ لە گرنگترین ڕەگەزەکانی کارێکی هونەری ((کامل)) بە دیاردەکەوێت و خۆی زاڵ دەکات بەسەر فۆرم و کەرستە و هەموو پێکهێنەرەکانی تری کاری هونەری شێوەکاری.

بەهۆی گۆڕانی سەردەم و هاتنەکایەی داهێنانی نوێ هەر لەسەردتا دوورەکانەوە تاکو ئێستا بەردەوام فکری مرۆڤ لە گەشەکردن و بەرەو پێش چوون دایە، هونەرمەندیش وەک تاکێکی بیرکەرەوە هەمیشە سەرچاوەیەکی بەبەهای ئاشکراکردن و داهێنانی فکری نوێ بووە، سەرچاوەی فکریش دەوروبەری کۆمەڵایەتی و سروشتە، فکر کەرستەیەکی بەرجەستەکراو نییە واتا سروشتی فکر نابینرێت، بەڵکو ئەو پێداویستییە کەرستەییانە دەبینرێن کە لە ئەنجامی فکرەوە دروست بوونە.

هیچ کارێکی هونەری سەرکەوتوو ناتوانێ بەبێ فکر بەدیار بکەوێ، وەک چۆن فکریش پێویستی بە فۆرم هەیە تاوەکو بتوانێ بە شێوەیەکی ڕێک و پێک خۆی بە دیاربخات و ئامانج و مانا شاردراوەکانی بخاتە ڕوو، کەواتە دەبێ شێوە هارمۆنییایەکی گونجاو لە نێوان فۆرم و بابەتی فکری لە کاری هونەریدا دروست بکرێ، نابێ بەهیچ پیانۆوێک دژایەتی لە نێوانیاندا دروست بکرێ، چونکە بەبێ بوونی هارمۆنیا لە نێوان شێوە و ئایدیا کاری هونەری بەرز و نۆکیە نەستەمە بێتە کایەوە.

هونەرمەند پێویستە ئاگاداری هەموو پێشکەوتنە جیاجیاکانی جیهان بێت و بزانێ کە پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و زانستی و فەلسەفییەکان لە چ ئاستێکدانە، بۆ ئەوەی بتوانێ کە سەردەمی گلۆبالیزم و پێشکەوتنە خێراکانی جیهان لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ بداتەوە، ئەمەش بەو مانایە نا کە هونەرمەند ڕەسمکردن لە بیر خۆی بباتەوە، بەڵکو بەو مانایەی کە فکر و بیرکردنەوەیەکی گۆشەگیری نەبێ لە جوگرافیایەکی بەرتەسکدا، بەڵکو دەبێ بەفراوانی سەیری جیهان و بوون بکات.

هونەرمەند بۆ ئەوەی بتوانێت لە فکر و شێوە نوێ ببێتەوە و بەرەو پێگەیشتن هەنگاو بنێ دەبێ بزانێ چۆن تابلۆ یان پەیکەر یان هەر ژانرێکی تری هونەری شێوەکاری بە هەموو قورسایی و گەورەیی خۆیەوە زاڵبکات بەسەر هەستی بینین و مانایەکی قووڵ بەخشێتە بینەر لەسەردەمی بە جیهانی بوون و هەژموونی تەکنەلۆژی، هەروەها هونەرمەند گرینگە بتوانێ ماددە و کەرستەی هەمەجۆر تاقی بکاتەوە بۆ هێنانەدی شێوازی نوێ و فکر و بینین و بیرکردنەوەی نوێ.

بەبۆچوونی ئێمە نوێ بوونەوە هەڵگری مانا و دەلالەتی قووڵە و هونەرمەند پێویستە ئاگاداری ئەو ڕاستییانە بێت کە نوێ بوونەوەی پێ دەبەخشن، ئەو هەنگاوانەی کە بەرەو ژەنگهەڵێنانی دەبەن، چونکە خۆ فریودان بە تابلۆی بێ بەهای ڕەنگاڵەیی یان بەرهەمی بێ ناوەڕۆک و فەلسەفە ئەو وەک هونەرمەند نیشان نادات لە مێژووی هونەری نوێدا.

## هونەری ڕاستەقینە

کەباس لە هونەرێکی ڕاستەقینە دەکەین و دەیخەینە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوەوە، ئەوا بێگومان دەبێ لە بەرامبەردا هونەرێکی ساختە و ناڕاستەقینەش هەبێ، ئینجا ئێمە لێرەوە تیشک دەخەینە سەر ئەم دوو ناڕاستە جیاوازانە و دەرئەنجامە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانیان دەخەینە ڕوو، لە پێناو

**هیچ کارێکی هونەری سەرکەوتوو ناتوانی بەبێ فکر بەدیار بکەوێ، وەک چۆن فکریش پێویستی بە فۆرم هەیە تاوەکو بتوانێ بە شێوەیەکی ڕێک و پێک خۆی بە دیاربخات و ئامانج و مانا شاردراوەکانی بخاتە ڕوو**

بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری ڕاستەقینە و بەدیارخستنی هونەری ساختە، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی زەوق و چێژی بینەر لەگەڵ هونەرێک ڕابێت کە بنەما سەرەکییەکانی کاری هونەری نوێ و داهێنەرانەی لەخۆ گرتبێ و پەیڕەوی خەسڵەتە هاوچەرخەکانی کردبێ. ئەوکاتەش ئەمە دەکرێ کە هونەرمەند بە ئەندازەیەکی زۆر ڕەنجی لەگەڵ بەرهەمە هونەرییەکانیدا کێشابێ، تاوەکو بتوانێ هەستێکی ئێستێتیکی لە شێوە و ناوەڕۆکی کارەکانیدا بەرجەستە بکات کە لە (جوانی، چاکی، ڕاستی) پێکهاتووە.

بێگومان ئێمە هەرگیز داکۆکی لە هونەر و هونەرمەندی ساختە ناکەین و بە هیچ بیانوویەک نایانخەینە نێو بازنەی بیکردنەوە و ئاراستەیەکی داهێنەرانەوە، چونکە هونەری ساختە هونەرمەندانێکی بەجێماو لە ڕەوتی هونەری سەردەم ڕابەرایەتی دەکەن، بە پێچەوانەوە ئێمە داکۆکی لە هونەرێکی ڕاستەقینە دەکەین و هەوڵی بەرهەم هێنانی ئەم شێوە هونەرە ناوازەیە دەدەین، هەربۆیە لێرەوە ڕای دەگەیەنین کە ئێمە باوەڕمان وایە کە هونەر خۆی لە خۆیدا ڕاستەقینەیە و هەڵگری سیما و خەسڵەتێکی فەلسەفییانەی کۆنکرێتە، بۆیە لەسەر هونەرمەند پێویستە کە ساختەیی تێدا نەکات، لە هەمان کاتدا هونەر خاوەن شێوە و ناوەڕۆکێکی مەبەستدار و گەیەنەرە، سەر بە هیچ ئایدۆلۆژیا و نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە، خۆی لە هەموو مەرجێکی پێشوەختەی کۆمەڵایەتی سیاسی و جوگرافی بەدوور دەگرێ و ناکەوێتە نێو بازنەی توند و تیژی و ڕق لێ بوونەوەوە، بەڵکو هونەر دژی توند وتیژییە.

هونەر پرۆسیسێکی کاریگەرە و هونەرمەندیش بوونێکی هۆشیارە و گومان دروست دەکات لە هەموو ئەو شتانەی کە گومانی لێ ناکرێت، پرسیاریش بەرهەم دێنێت تاوەکو وەڵامی نوێی دەست بکەوێ، لێرەوە هونەرمەند وەک تاکێکی ئاکتیڤی کارلێکەر لە نێو ژیان و کۆمەڵگادا دەناسرێ و هەمیشەش خەسڵەت و سروشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە سروشتی ڕاستەقینەی هەموو هونەرمەندانی داهێنەرە.

> **هونەر پرۆسیسێکی کاریگەرە و هونەرمەندیش بوونێکی هۆشیارە و گومان دروست دەکات لە هەموو ئەو شتانەی کە گومانی لێ ناکرێت، پرسیاریش بەرهەم دێنێت تاوەکو وەڵامی نوێی دەست بکەوێ...**

ئاشکرایە هەموو هونەرێکی ڕاستەقینە سەرەتا لە خەیاڵی کەسی هونەرمەندەوە سەرچاوە دەگرێ ئینجا دەبێتە بەرهەمێکی بیندراو و خەڵکی هەستی پێ دەکەن، ئەمە بەو مانایە دێت کە هیچ کاتێ ناتوانین هونەر بە لاسایی کردنەوە بزانین و بە سەرپێیی ئەم باوەڕە بسەلمێنین، چونکە وەک وتمان سەرچاوەی بەرهەمی هونەری ڕاستەوخۆ لە خەیاڵی بەرفراوانی هونەرمەندەوە هەڵدەقوڵێت، خەیاڵی هونەرمەندی ڕاستەقینەش هەردەم لە نوێ بوونەوە و گەشەسەندن ناکەوێ و ئەستەمە شێوە و فکرێکی لاسایی کەرەوانە بەرهەم بێنێت. هەرچەندە مرۆڤ لە سەرەتا دوورەکان کە هەستی جوانی هێشتا بەو شێوەیەی ئەمڕۆ گەشەی نەکردبوو و درکی بەو حەقیقەتە نەدەکرد کە خۆی دەتوانێ جوانییەکی ڕاستەقینە بەرهەم بێنێت و جیابێ لەو جوانییە سروشتی و دەسکردانەی کە بە بینینی ڕاهاتووە، تەنها دەوروبەری سروشتی لەلا جوان بووە، بۆیە هەر ئەو دەوروبەرەی دروست کردۆتەوە و هیچ زیاد کردنێکی بۆ نەبووە، واتا کۆپی سروشت لەو کاتانەوە سەری هەڵداوە کە مرۆڤ بە هونەر ئاشنا نەبووە و ئەمەشی بۆ دەربڕین دروستکردووە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی خۆی و ئەو شتانەی کە لێی ترساوە، کەواتە مرۆڤی سەرەتایی بە پێچەوانەی مرۆڤی سەردەمی گلۆبالیزم و پێشکەوتنە گەورەکان شاخ و گوڵ و سروشتی بە گشتی لەلا جوان بووە و هەستی بەو جوانییە ڕەهایە نەکردووە کە خۆی بەرهەم هێنەرییەتی و دەتوانێ بیخاتە نێو پرۆژەکانی ژیانی و هەردەم زیندوویتی پێ ببەخشێتەوە.

ئەم باوەڕەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد سەبارەت بە هەستی مرۆڤی سەرەتایی بۆ هونەر و دەوروبەری سروشتی، ئەمڕۆش بۆ مرۆڤی کورد هەر ڕاستە و لەسەر هەمان باوەڕن کە هونەر لاسایی

کردنەوەی سروشت و دەوروبەرە و هەرکارێکی هونەری بەدەرین لەم تێڕوانینە لەلایان هونەر نییە و چێژی لێ وەرناگرن، مرۆڤی کورد لەسەردەمی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان هێشتا لە کاری هونەریدا تەنها چێژ لە شاخ و داخ و ڕووبار و خانووی قوڕ و ......هتد وەردەگرن، لە ژیانی ڕۆژانەشیاندا ئەوەندەی حەز لەو گوڵە پلاستیک و درەختە نایلۆنانە وەردەگرن نیو ئەوەندە زەوق و چێژ لە گوڵ و درەختی سروشتی وەرناگرن. واتا مرۆڤی ئێمە هەستێکی نادروست و هەڵەی سەبارەت بە سروشت و هونەر و دەوروبەری خۆی هەیە، زۆربەی هونەرمەندانی ئێمەش ئاڕاستەی تێشکردن و بەرهەم هێنانیان بەرەو هێنانەکایەی هونەرێکی ساختە و سروشت و چێژێکی ساختەی ناهونەری دەڕوات، ئەمەش هۆکارێکە لە هۆکارەکانی نەبوونی بنەما و بنچینەی هونەری و دروست نەبوونی هەستی ئیستێتیکی لە خودی هەر یەکێکیان بە گشتی، چونکە دەبینین لەنێو هونەرمەندانیشدا هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمی هونەری لە ژێر سایەی پێوەرێکە کە بە جوان یان ناشرین ناوی دەبەن، واتا ئەوانیش پەیوەستن بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و دوور دەکەونەوە لە پێوەری ڕاستەقینەی هونەری کە ئیستێتیکایە و کاری هونەری دەبێ بەو پێوەرە هەڵبسەنگێندرێت و بزانن تا چەند هونەرمەند توانیویەتی (جوانی، چاکی، ڕاستی) لە کارە هونەرییەکەیدا بەرجەستە بکات نەک تەنها (جوانی یان ناشرینی)، لەبەر ئەوەی جوانی و ناشرینی پێوەرێکی کۆمەڵایەتییانەی باو و سواوە و پەیوەندی بە هونەری ڕاستەقینەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە هەستێکی میللی و نادروستەوە هەیە، کەواتە ئێمە دەبێ لە کاری هونەریماندا هەوڵ بدەین کە (جوانی، چاکی، ڕاستی) بەرجەستە بکەین ئینجا دەتوانین بگەین بە ئاستێکی (توانای بەرهەم هێنانی هونەری ڕاستەقینەمان هەبێ.

ئەگەر بێتو پێوەری کاری هونەری لەلای هونەرمەندانی ئێمە هەر جوانی و ناشرینی بێت ئەوا هەرگیز هونەرێکی ڕاستەقینەی مانا بەخش بەرهەم نایەت و زەوق و چێژی بینەریش هەر لەسەر گوڵی پلاستیکی و درەختی نایلۆن دەمێنێتەوە، وەک چۆن ئەمڕۆ دەبینین هونەری شێوەکاری بۆتە سیمبولێک بۆ لاسایی کردنەوەی سروشت و دەوروبەر و ڕەسمکردنی ئافرەتی سینگ پان و ئەسپ و قەل و مراوی کە بینەرانیش چێژێکی بێ ئەندازە لەم شێوازانە وەردەگرن، چونکە بە ئاسانی هەستی پێ دەکەن و هەرسکردنی وەک هونەری ڕاستەقینە نییە کە تیایدا فەلسەفە و بیرکردنەوەی جدی و دەربڕینی مانا بەخش و قورس دێنێتە کایەوە و بینەر تووشی بەدگومانی دەکات لەو بیر و باوەڕ و یاسا زەنگرتووانەی کە وزەی لێ سەندۆتەوە و دوارۆژی بەستۆتەوە بە بەڵێنە ئەفسانەییەکان.

لە نێو کۆمەڵگاکەی ئێمەدا ئەوەی بە هەند وەرناگیرێ و کەس لێی ناکۆڵێتەوە ئەو ئەرک و بەرپرسیارییەیە کە هەر یەکێک لە ئێمە بەشێوە و ئاست و پیشەی جیاواز لەسەر شانیەتی و پێویستە هەستی پێ بکات، بۆ نموونە زۆربەی هونەرمەندانی کورد تا ئێستا نازانن کە مەبەست لە ڕەسمکردن چییە و بۆچی کاری هونەری دەکەن، ڕەنگە ئەوان وەها تێگەیشتبن کە بۆ ممارەسەکردنی غەریزەیەکە تاکو پێی ڕەحەت بن، بێ ئاگا لە دەرئەنجامە کاریگەرەکانی هونەر لەسەر ڕەوتی ژیان و گوزەرانی خەڵک و ئاڕاستەکردنیان بەرەو هونەرێکی ڕاست و دروست، هەر لە کۆنەوە هونەر بۆتە سیمبولی پێشکەوتن و مرۆڤ بە ئەوپەڕی شانازییەوە تێی ڕوانیوە، هەتا لەو کارە هونەرییانەی کە لە جوگرافیایەکی تریش بەرهەم هاتوون.

**دەبینین لەنێو هونەرمەندانیشدا هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمی هونەری لە ژێر سایەی پێوەرێکە کە بە جوان یان ناشرین ناوی دەبەن، واتا ئەوانیش پەیوەستن بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و دوور دەکەونەوە لە پێوەری ڕاستەقینەی هونەری کە ئیستێتیکایە...**

## پەیامی گروپی نەورەست

* ئێمە بۆ هێنانەدی جۆرە هونەرێک هەوڵ دەدەین کە لەسەر بنەمایەکی هونەری هاوسەردەمییانە بنیات نرابێ و تیایدا خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی هونەری ڕاستەقینەی شێوەکاری تێدا کۆ ببێتەوە.

* هەرگیز هەوڵدانمان بە ئاراستەی بەرهەم هێنانی هونەرێکی ڕەنگاڵەی بێ فکر و ناوەڕۆک نابەین، بەڵکو دەمانەوێ بە شێوەیەکی گونجاو و ئاستێکی بەرز هاوسەنگی نێوان فکر و شێوە و هەموو ڕەگەزەکانی تری کاری هونەری ڕابگرین و هیچییان بەبێ مەبەست فەرامۆش نەکەین.

* زۆربەی هونەرمەندانی کورد تەنها لە پێناوی ڕازیکردنی بینەر و سەرنج ڕاکێشانی کڕیارەکانیان کاری هونەری بەرهەم دێنن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هێنانەکایەی هونەرێکی بازاڕی بێ ئامانجە و تەنها بەکەڵکی ڕازاندنەوەی ژووری خەو و دیوەخانی لێپرسراوان دێت، کەچی ئێمە بە پێچەوانەی ئەوان بانگەشە بۆ هونەرێک دەکەین کە لە ئەزموونی بە پێزی هونەرمەندەوە سەرچاوەی گرتبێ و پەیوەندی بە ڕازیکردنی خەڵکییەوە نەبێ بەڵکو پەیوەندی بە دنیای تایبەتی هونەرمەند و ئایدیاکانییەوە هەبێ، هونەرێک کە ئاراستەیەکی دەربڕینخوازانەی فکری پڕ مانای هەبێ و بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بابەت و فکرە فەلسەفییەکانی هونەرمەند نیشان بدات، بۆ ئەوەی بە ئەوپەڕی ڕەهاییەوە پرسیار و گومان و دوودڵی لەلای بینەر لەسەر زۆربەی لایەنە جیاجیاکانی ژیان و دەوروبەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی دروست بکات.

* کارە هونەرییەکانمان دوور دەخەینەوە لە هەڵخەڵەتاندنی چاوی بینەر بە هۆی دروستکردنی بابەتی تراژیدی یان فۆلکلۆری ڕەنگاوڕەنگ و بێ چێژی هونەری و ئیستێتیکی.

* ئێمە دژی مۆدێلی باو کاری هونەری بەرهەم دێنین، واتا بە ئاراستەی ئەزموونکردنی خۆمان لە نێو پڕاوە بەردەوامەکانمان دەگەین بە گۆڕانکاریکردن و هێنانەکایەی شێوە و ناوەڕۆکێکی دەگمەن و کەم وێنە، نەک مۆدێلی باو و تەوژمی لاسایی کردنەوەی کوێرانە.

* پێمان وایە هونەر پرۆسەیەکی تاکە کەسییە و پەیوەندی بە کەسی ترەوە نییە جگە لە هونەرمەند، ئەویش خۆی بەرپرسە لە گرینگی دان و بەرەوپێش بردنی شێوازە هونەرییەکەی، واتا کەس ناتوانێ پێی بڵێ کە چی بەرهەم بێنێ و چی بەرهەم نەهێنێ، چونکە هونەرمەند لە داهێناندا پشت بە خەیاڵ و ئەزموونە هونەرییەکانی خۆی دەبەستێ و بەهۆیەوە دەتوانێ ئاراستەی داهێنانەکانی دیاری بکات و بەجدی هەنگاو بۆ بەدیهێنانی بهاوێت.

* هەوڵ دەدەین بۆ دروستکردنی کەش و هەوایەکی هونەرییانە و ئاراستەکردنی زەوقی بینەر بۆ هونەرێکی ڕاست و دروست، دوور لە فریودانی هەستی بینینیان و تەم ومژاوی کردنی هونەری شێوەکاری لەلایان.

* ئێمە دەمانەوێ بە هۆی پچڕانەوە جیاوازی لە نێوان ئەم هەموو گونجاوییەی خەڵک دروست بکەین، واتا مەبەستمانە بە خەڵک ڕابگەیێنین کە هەوڵ بدەن بۆ بنیاتنانی زەوق و چێژی تایبەت بە خۆیان و چیتر بە هۆی تەوژمی باوەوە نەکەونە ژێر کاریگەری ئەو هەستانەی کەوا لە خەڵک دەکات وەکو یەک جل لەبەر بکەن و ڕەنگ هەڵبژێرن و گوێ ڕابگرن و ببینن، بەم جۆرە مرۆڤ ناتوانێ باس لە نوێ بوونەوەی فکر و بینینی بکات، بەڵکو دەبێ لەم دیاردە باوانە بپچڕێت، ئینجا دەتوانێ نوێ ببێتەوە و بەردەوامی بە ژیانی بدات بەشێوەیەکی حەقیقی.

* ئێمە هیچ کاتێک هونەر تەنها بەدەربڕین نازانین لە ئێش و ئازارە تاکەکەسییەکانی هونەرمەند و گرفتە پڕ لە ئاسۆرەکانی، بەڵکو هونەر پرۆسەیەکی فکری و فەلسەفییە و هونەرمەند بە پێویست دەبێ پەیڕەوی بکات، تاوەکو بتوانێ دەربڕینێکی فەلسەفی بێنێتە کایەوە و بەهۆیەوە پێشکەوتن و گەشەسەندن لە فکر و بیر و باوەڕی خەڵکی دروست بکات.

* بە بۆچوونی ئێمە کاری هونەری دەبێ ڕەهەندێکی گشتگیری بۆ جیهان هەبێ و هونەرمەندیش نابێ لە جوگرافیایەکی دیاریکراو فکر و بیر و بۆچوونە زیندووەکانی قەتیس بکات، چونکە هونەر بەگشتی بێ سنوورە و لە جوگرافیاییەکی دیاریکراودا نامێنێتەوە، بۆیە گرینگە کە هونەرمەند بەو باوەڕەوە کاری هونەری بەرهەم بێنێ کە هەنگاو دەنێ بۆ گەیشتن بە ئاڕاستەیەکی جیهانی و دەربازبوون لە کۆت و بەندە دۆگماکانی دەوروبەر.

* ئێمە دژی هونەری نەتەوەیین و ئەم بۆچوونە بەهەڵە دەزانین کە پێی وایە هەرنەتەوەیەک دەبێ هونەرێکی تایبەتی هەبێ، وەک چۆن حکومەتێکی تایبەتی هەیە، چونکە هونەر لەلای ئێمە پرۆسەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابوری نییە تاوەکو ڕەنگی وڵاتێک و نەتەوەیێک بپۆشێ، بە پێچەوانەوە هونەر بەرهەمی هزری داهێنەرانەی هونەرمەندانە و هەوڵدانی هونەرمەندانی ڕاستەقینەش هەر بەو ئاڕاستەیە ڕۆیشتووە.

* بەگشتی هونەر دەروازەی هەموو گۆرانکارییە جیاجیاکانی نێو ژیانی مرۆڤە و دەورێکی هێجگار گەورە دەبینێ لە پێشخستن و پەروەردەکردنی هەست و هۆشی خەڵک، جگەلەوەی کۆڵەگەیەکی پتەوی شارستانی هەموو وڵاتانی جیهانە و ڕۆشناییەکە هەردەم لە درەوشانەوە دایە، هەربۆیە دەبێ هونەرمەندانی کورد لێرەوە هەست بە لێپرساوی مێژوویی خۆیان بکەن و گرینگی بە دروستکردنی بەرهەمی هونەری تەواوبدەن لە ڕووی فکر و دەربڕین و بەرجەستەکردن و تێڕوانینی فەلسەفییەوە، واتا پێویستە ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرن کە ئەو بەرهەمانەی نیشانی دەدەن تەنها بۆ مارەسەکردنێکی هەوەسبازانە نەبێ تاوەکو تەنها ژمارەی پیشانگاکانیان پێ زیاد بکەن و خۆیان بەتاڵ بکەنەوە.

* ئێمە خۆمان بەدوور دەگرین لە هەموو بیر و باوەڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و هیچ کامیان بە هەوێنی کارە هونەرییەکانمان نازانین، تەنها ڕەخنەیان لێ دەگرین و بەهۆی کارە هونەرییەکانمانەوە هەڵیان دەسەنگێنین و لە ئاماجەکانیان ورد دەبینەوە، ئینجا لە پرۆسەیەکی هونەرییانەدا گەمە بە هەڵوێست و دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانیان دەکەین.

* ئاماجی سەرەکی ئێمە پێکهێنانی هونەرێکی ڕاستەقینەیە و لەو پێناوەشدا هەمیشە لە کارکردن و خستنەوەی شێوە و ناوەڕۆک و بیرکردنەوەی نوێ بەردەوام دەبین، هەر بۆ ئەم مەبەستەش دێین ئایدیای کاریگەر و فکری فەلسەفی لە کارە هونەرییەکانماندا بەرجەستە دەکەین، لە هەمان کاتدا هەردەم ئامادەی ئەوەین کە لە نوێوە دەست پێ بکەینەوە و کاژی کۆن فڕێ دەین، لەبەر ئەوەی دەزانین بەو بیر و باوەڕە لە پرۆسەی (کشان) بەردەوام دەبین و ئاستە هونەرییەکانمان گەشە دەکات.

ئارام خالید    دەشتی جەنگی    شوکر سەعید    ٢٠٠٥

## ئارام خالید

١٩٧٥- لە ڕانییە لە دایک بووە.
١٩٩٧- پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە هەولێر تەواو کردووە.
١٩٩٨- پیشانگای هاوبەشی (پەیڤەجوانەکان) لە هۆڵی میدیا /هەولێر.
١٩٩٩- پیشانگای هاوبەشی لە هۆڵی میدیا/ هەولێر.
٢٠٠١- پیشانگای هاوبەشی (ڕەنگی دەیەم) لە ئاکرێ.
٢٠٠٢- پیشانگای هابەشی هونەرمەندانی هەولێر لە سلێمانی.
بەشداریکردن لە زۆربەی خولەکانی گەلەری زامرا ،دهۆک، کوردستان.



هەواڵنامەی کتێب

کاریزما
کەرستەی جۆراوجۆر
١٦٠ × ١٠٥سم
٢٠٠٥



بێ دەنگی
کەرستەی جۆراوجۆر
٤٥ × ٣٠ × ٢٠سم
٢٠٠٤

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی

لەژێر سێبەر
کەرستەی جۆراوجۆر
١٠٠ × ٧٥ سم
٢٠٠٤

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

وەکو یەکتری
کەرستەی جۆراوجۆر
٦٧ × ١٠٠سم
٢٠٠٤



بەپیرۆزکردن
کەرستەی جۆراوجۆر
۱٦۰ × ۱۰۹سم
۲۰۰۵

هەواڵنامەی کتێب



شەڕ
کەرستەی جۆراوجۆر
٥٠×٨×٢٢ سم
٢٠٠٤

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ئامێرێک
کەرستەی جۆراوجۆر
٦٦ × ١٢٠سم
٢٠٠٤





## دەشتی جەنگی

١٩٧٦- لە هەولێر لە دایک بووە.

٢٠٠٠- پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە هەولێر تەواوکردووە.

٢٠٠١- بەشداری لە خولی پێنجەمی گەلەری کوردستان کردووە.

٢٠٠١- پۆستەری راپەڕینی دروستکردووە.

٢٠٠١- پیشانگایەکی هاوبەشی لە تاکری بە ناوی (ڕەنگی دەیەم).

٢٠٠٢- پیشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی هەولێر لە گەلەری رامو سلێمانی.

٢٠٠٢- بەشداریکردن لە گەلەری راما.

هەواڵنامەی کتێب

قەلاتێک لەدروکەڵ
کەرستەی جۆراوجۆر
٩٠ × ٩٥سم
٢٠٠٤



هەواڵنامەی کتێب

ڕمان
کەرەستەی جۆراوجۆر
١٠٠ × ١٠٠سم
٢٠٠٥



فزیا
کەرستەی جۆراوجۆر
۱۳۰ × ۱۲۵سم
۲۰۰۵

هەواڵنامەی کتێب



کاریزما
کەرستەی جۆراوجۆر
١٠ × ١٠٠سم
٢٠٠٥

هەواڵنامەی کتێب



بەبەردبوون
کەرستەی جۆراوجۆر
٩٠ × ١٠٠سم
٢٠٠٥

هەواڵنامەی کتێب



تایزک
کەرستەی جۆراوجۆر
١٠٠ × ١٠٠سم
٢٠٠٥

هەواڵنامەی کتێب







## شوکر سەعید

١٩٧٩ - لە هەولێر لەدایک بووە.
٢٠٠٠- پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە.
١٩٩٧- پیشانگای هاوبەش لە هەولێر و شەقلاوە.
١٩٩٩- پیشانگای هاوبەش لە هەولێر.
٢٠٠٢- پیشانگای هاوبەش لە هەولێر.
٢٠٠٢- پیشانگای هاوبەش لە ئێران.
٢٠٠٢- پیشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی هەولێر لە گەلەری زاموا، سلێمانی
٢٠٠٤- پیشانگای هاوبەشی لە کۆشکی هونەر لە هەولێر.

هەواڵنامەی کتێب

کۆیلەی پیرۆزی
کەرستەی جۆراوجۆر
١٩٢ × ٢٠٠سم
٢٠٠٥



کاریزما
کەرستەی جۆراوجۆر
٢٠٣ × ١٩٩سم
٢٠٠٥

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

هەیمەنەی دەسەڵات
کەرستەی جۆراوجۆر
١٦٣ × ٢١٢سم
٢٠٠٥



پچڕان لەڕۆح
کەرستەی جۆراوجۆر
٦٧ × ١٣٠سم
٢٠٠٤

هەواڵنامەی کتێب





بزێنەری توندوتیژی
کەرستەی جۆراوجۆر
١٠٠ × ١٠٥سم
٢٠٠٥

هەواڵنامەی کتێب



گرێی خۆبەتاڵکردن
کەرستەی جۆراوجۆر
١٠٢ × ١٩٠سم
٢٠٠٥

هەواڵنامەی کتێب



# MANIFEST OF EXTENSION

## NAWRAST GROUP

*ARAM KHALID*
*ARAM KHALID*
*DASHTI JANGY*
*DASHTI JANGY*
*SHUKR SÆD*
*SHUKR SÆD*

چاپخانەی حاجی هاشم / هەولێر